## دوا نامەی ڕیچارد

# ڕیچارد براتیگان بۆ (تەکاکۆ شینا)


باران



لە ئینگلیزییەوە: سۆران محەمەد



...........................................

ئاب



ڕیچارد براتیگانی نووسەر و شاعیری بەناوبانگی ئەمریکی سەدەی بیستەم، لە ناوچەی تاکۆمای پایتەختی ئەمریکا (واشنتۆن) لە دایکبووەو لە کالیفۆرنیا کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و بۆ دوا جار ماڵئاوایی لەم ژیانە پڕ لە کێشمەکێشە کرد، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ژیان و بەرهەمەکانی جێی مشتومڕێکی زۆرن و لایەنگەلێك بە شاراوەیی تیایاندا ماونەتەوە، جیاواز لە نووسەرانی پێش خۆی، شێوازێکی سەیری تێکەڵ لە گاڵتەجاڕیی و سوریالی و واقیعی تێکەڵاودەکردن و بەرگی سۆز و خەیاڵی لەبەردەکردن، ئەم شێوازە جارانێك لە سەردەمەکەی خۆیدا، ڕەخنەگرانی چەواشەدەکرد، و ئەوانیش خۆشییان پێدا نەهات و ئەویش نێوانێکی کاولی هەبوو لەگەڵیاندا.

لە گەڕانم بەدوای ئەرشیفەکانی ئەم کەڵە نووسەرەدا دوانامەی بۆ تەکاکۆ شینا سەرنجی ڕاکێشام و وای لێکردم بە دواداچوون بکەم بۆ کەسایەتیی ئەم خانمە.

تەکاکۆ شینا ئەو خانمە یابانییەیە، کە خاوەنی بارێك بوو، لە یابان بە ناوی (بێشکەکە The Cradle) کە زیاتر نووسەران و هونەرمەندان هاتووچۆیان دەکرد، و تێیدا کۆ دەبوونەوە، ئەم خانمە وێنەی هەیە لەگەڵ نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی (ڕیچارد براتیگان) کە لەسەر بەرگی دواوەی پەڕتووکێکی بڵاوبووەتەوە، کە لە تۆکیۆ- مۆنتانا ئێکسپرێس وێنەکەیان گرتبوو، تەنانەت هەندێك لە چیرۆکەکانی ناو ئەو پەڕتووکە باس لە تەکاکۆ شینا دەکات. ئەو هاوڕێیەکی براتیگان بووە و نووسەر بە (خوشکە یابانییەکەم) ناوی هێناوە، هەروەها چوار هۆنراوەش لە بەرواری 30 ی حوزەیراندا لەلایەن براتیگانەوە بۆ ئەم خانمە نووسراون.

فوجیمۆتۆ ئەو وەرگێڕەیە، کە چەند پەڕتووکێکی براتیگانی پەرچڤەی سەر زمانی یابانی کردووە، یەکێك لەو کارە بڵاونەکراوانەی پەیوەندی بە براتیگانەوە هەیە، بریتییە لە یادەوەرییەك لەلایەن ئەم خانمەوە، بە زمانی یابانی سەبارەت براتیگان نووسراوە، فۆجیمۆتۆش وەك یادەوەرییەك بۆ یەکەم جار لەگەڵ یادەوەریەکانی تردا، سەبارەت براتیگان بڵاوی کردووەتەوە، کە لە بنەڕەتدا لەلایەن ماساکۆ کانۆ پەرچڤەی سەر زمانی ئینگلیزی کراوە.

**ئاوها یادەوەرییەکە دەست پێدەکات:**

« بە پێی ڕۆژمێری یابانی لام وایێت 1976/6/1 بوو، کاتێك ڕیچارد براتیگان بۆ یەکەم جار، هات بۆ دوکانەکەم با ناوی (بێشکەکە The Cradle) ، من ئەو کات هیچ لە پەڕتووکەکانیم نەخوێندبووەوە، بۆیە هیچ وێنەیەکی پێشینی لە بیر و هزری مندا نەبوو، دوای ئەوەی هەموو میوانەکان ڕۆشتن ئەو شەوە پێکەوە دانیشتین و وتووێژمان کرد، بۆم دەرکەوت ڕیچارد براتیگان زۆر پیاوێکی پاڵفتە و ڕاستگۆیە، ئیدی وام هەستکرد چیدی پێویست ناکات، نیگەران بم لەوەی، کە ئەو چۆن دەربارەی من بیردەکاتەوە، یان من چی پێدەڵێم، ئەمە یەکەم ڕەنگدانەوە و مۆرکی بەهێز بوو دەربارەی براتیگان لە لای من دروست بوو، دواجاریش کە ئەوم بینی 1984/5/11بوو، هەمان ئەو تێگەشتنەم بوو، هەتا دوادیدار کە وەك خۆی مایەوە و گۆرانی بەسەردا نەهات.

من هەرگیز وەك میوانێك سەیری براتیگانم نەکردووە، ئەو لە هوتێلی (کییۆ پلازا) مایەوە، بە نیوە بەها بە هۆی هاوڕێیەکمەوە لەوێ، بە گشتی ئەو پاشنیوەڕوانی لە کافێی (هاراجوکو) بەسەر دەبرد و لە شەواندا دەهات سەردانی بارِی (بێشکەکە The Cradle) ی منی دەکرد، جارانێك ئێمە پێکەوە هاتوچۆمان دەکرد،و سەردانی هاوڕێیانم و خێزانەکەمان پێکەوە دەکرد، و ئەوم دەبرد بۆ کۆنسێرتەکان، شانۆکان، ئاهەنگی پێشانگا تایبەتەکان، هەروەها بارە جۆراوجۆرەکانیش کە ژمارەیان زۆر بوو، من دەتوانم بڵێم ئەو

له یابان وەك گەشتیار نەبوو، بەڵكو وەك كەسێكی نزیك لە دانیشتووانی ئێرە دەبینرا، كاتێك هەڵدەستا لە خەو بە بێ فەرامۆشكردن ئەو سڵاوی لێدەكردم، و كاتێكیش پێش ئەوەی بیویستایە بخەوێت بانگی دەكردم و هەمو ئەوانەی پێ دەوتم، كە ئەو ڕۆژە بەسەریدا هاتبوون...

سەرەتا ریچارد داوای لە من كرد ببمە خۆشەویستی، بەڵام من بە شێوەیەكی ڕرۆمانتیكی نەمدەڕوانییە ئەو- خۆشەویستان و هاوسەران ڕرەنگە لە یەك جودا ببنەوە، بەڵام برا و خوشك پێكەوە دەمێننەوە لە سەرتاپای ژیانیاندا، ئێدی پێموت ئەی بۆ نەبینە خوشك و برا؟ ئیتر ئەویش دوای ئەوە بانگی دەكردم خوشكەكەم... »

***

جێی ئاماژەپێكردنە وێڕای ئەوەی ریچارد براتیگان لە لایەن پۆلیسەوە گیراوە و ڕەوانەی نەخۆشخانەی ویلایەتی ئۆریگۆن كرا، بۆ چارەسەری نەخۆشیی دەروونی، دوای ئەوەی شوشەی پەنجەرەی پۆلیسخانەی شكاند، تا ڕرەوانەی بەندیخانەی بكەن و لەوێ نانی دەستبكەوێت و لە برسێتی ڕزگاری بێت، كەچی بە پێچەوانەوە لە نەخۆشخانەی ئۆریگۆن چارەسەری ئەلەكتریكی درا لەسەری بە بیانووی دەستنیشانكردنی حاڵەتی خەمۆكی و بەدگومانیی شیزۆفرینیایی.

یەكێك لە دوایهەمین نامەكانی براتیگان تەنیا مانگێك پێش كۆچی دوایی نووسی و ڕرەوانەی كرد، بریتییە لەم نامەیەی بۆ خانمی یابانی تەكاكۆ شینا ی نووسیوە، ڕەنگە خوێنەرانێك بپرسن بەستنەوەی براتیگان بە یابانەوە چییە؟ ئێمەش لە وەڵامدا دەڵێین دووەم هاوسەری، كە بۆ ماوەی دوو ساڵ پێكەوە بوون، خەڵكی یابان بوو بە ناوی (ئاكیكۆ یۆشیمورا).




**ئەم بەیانیە، دوو سەگی دەریاییم بینی بە دووریی نزیكەی پەنجا مەتر لە ڕرۆخی دەریاوە پێكەوە بوون، گەر ( ئی . تی) {كچی تاكاكۆ شینایە} بیبینیایە شادمان دەبوو. ئەو دوو سەگە دەریاییە پێكەوە هاتن، زیاتر بە شێوازی سەگی دەریایی قسەیان دەكرد، پاشان هەردووك بە مەلەكردن لە چاوان بزربوون بە دوو ئاراستەی جیاوازدا، ئەوان لە ئاوەكەدا بازیان دەدا،و بۆ ماوەیەكی درێژ لە ناوچەكەدا مانەوە، من واى بۆچووم خەریكی ڕاوكردن بوون بۆ ژەمی بەیانی**

## دەقی نامەکە:

بۆلیناس

بەڕیز تاکاکۆ

سڵاو

من (تۆم ڕاد) م بینی لەسەر شەقامێکی سانفراسیسکۆ چەند ڕرۆژێك پێش ئێستا، ئەو سلاوێکی دوورو درێژ و بەچێژی لەلایەن (بێشکەکە) پێدام.

من بەردەوامم لەسەر ئەوەی دەیکەم. کار.

ئەم بەیانیە، دوو سەگی دەریاییم بینی بە دووریی نزیکەی پەنجا مەتر لە ڕرۆخی دەریاوە پێکەوە بوون، گەر ( ئی . تی) {کچی تاکاکۆ  شینایە} بیبینیایە شادمان دەبوو. ئەو دوو سەگە دەریاییە پێکەوە هاتن، زیاتر بە شێوازی سەگی دەریایی قسەیان دەکرد، پاشان هەردووك بە مەلەکردن  لە چاوان بزربوون بە دوو ئاراستەی جیاوازدا، ئەوان لە ئاوەکەدا بازیان دەدا،و بۆ ماوەیەکی درێژ لە ناوچەکەدا مانەوە، من وای بۆچووم خەریکی ڕاوکردن  بوون بۆ ژەمی بەیانی، ئەوان بەیانیان بە یاریکردنەوە بەرێکرد.

لە چاوانی مندا جوان دەردەکەوتن.  ئۆقیانووسی ئارام تەمومژێکی پشووبەخشی لەگەڵ خۆدا هەڵگرتبوو، و هەواکەش بەرامەیەکی تازەی خۆشی پێبوو، من بیرم لە ( ئی. تی) دەکردەوە

من چەند ئەوم خۆشدەوێت، من چەند تۆم خۆشدەوێت

**ڕیچارد**

**تێبینی:**

ئەم نامەیە ئەمڕۆ ڕەوانە دەکەم،  دووشەممە -سێزدەی ئاب- پشووی هەفتەی ڕرابردوو من مسوەدەی سیناریۆی یەکەم فلیمی ڕرۆژئاواییم تەواوکرد، دەمەوێت تۆ ئەم هەواڵە بە پیاوەکەت بڵێیت لە تۆکیۆ، کە حەزی بە پۆلی (ب) ی فلیمی ڕرۆژئاوایی هەیە، ئەمە ئەوەیە کە من و اتێدەفکریم ناوەڕۆکەکەی دڵخوازی ئەو بێت کاتێك دەمنووسی، تەماشای دەکات و بە دڵی دەبێت.

**تێبینی دووەم:**

ژمارەی تەلەفۆنەکەم دەسکەوت

24xx-868-451

**سەرچاوەکان:**


brautigan.net/papers.html.

en.wikipedia.org/wiki/Richard_Brautigan


برایم
ئەحمەد